# حوکمی موناقەشەکردنی کوڕ لەگەڵ باوکیدا لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردنی لەسەروەت و سامانەکەی

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**شێخ موحەمەد صالح المنجد**


**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**


2012 - 1433

IslamHouse.com

# هل يجوز أن يناقش الابن والده في كيفية التصرف في ثروة الأب ؟

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی موناقەشەكردنی كوڕ لەگەڵ باوكیدا لەسەر چۆنیەتی مامەڵە كردنی لەسەروەت و سامانەكەی

**پرسیار** : یەكێك لە خزمەكانم زۆر جار موناقەشە لەگەڵ باوكیدا دەكات لەسەر ئەوەی پێویستە باوكی چۆن مامەڵە بكات لەگەڵ سەروەت و سامانەكەی و چی پێ بكات، گومان لەوەدا نییە سەروەتەكەش سەروەتی باوكیەتی، ئایا كوڕ هیچ مافێكی هەیە بە سەر سەروەت و سامانی باوكیەوە ؟ وە ئایا سەبارەت ئەو سەروەت و سامانە مافی ئەوەی هەیە كە شتێك فەرز بكات بەسەر باوكیدا ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

كوڕ بۆی نییە موناقەشە یان داوا لە باوكی بكات لەسەر چۆنیەتی مامەڵە كردن بە سەروەت و سامانەكەیەوە، چی جای

ئەوەی کە شتێکی لەسەر فەرز بکات لەبارەی سەروەت وسامانەکەیەوە، بێگومان ئەمە بێ ئەدەبیە بەرامبەر باوك، چونکە بەکۆ دەنگی زانایان کوڕ هیچ دەسەڵات و مافێکی دیاری کراوی نییە لە سەروەت وسامانی باوکی، مادام ئەو باوکە باوکێکی خاوەن عەقڵی دامەزراوی ڕەشید بێت .

خۆ ئەگەر هاتوو ئەو موناقەشە کردنە لەگەڵ باوکیدا موناقەشەی لێپرسینەوە و موحاسەبە کردن بێت، یان ئیلزام کردنی بێت، یان فەرزکردنی ڕای خۆی بێت بەسەر رای باوکیدا لەسەر چۆنیەتی خەرجکردنی ماڵو سامانەکەی بێت، ئەوە کارێکی نەشیاوە و واجبە وازی لێ بهێنێت، ئەگەر نا ئەوا بە ئازاردەری باوکی دادەنرێت کە یەکێکە لە گوناهە گەورەکان .

بەڵام ئەگەر هاتوو هەڵوێستی ئەم کوڕە لە چوار چێوەی ئامۆژگاری و ڕاوێژکردن بێت لە پێناو ڕێنیشاندانی بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندیەکانی، وەك بەرژوەندی سەروەت و

سامانەکەی، بەرژەوندیەکانی باوکی، ئەوا هیچی تێدا نییە، بەڵام بەو مەرجەی لە سنووری ئەدەبی خۆی دەرنەچێت، ئەو سنورەی کە خەڵکی خاوەن ڕەوشت ڕەچاوی دەکەن .

بەڵام ئەگەر هاتوو باوکی کەسێکی خاوەن ڕوشد نەبوو، بە شێوەیەك چاك و خراپی خۆی لەیەك جودا نەدەکردەوە، کەسێکی موسریف و ماڵ بە فیڕۆدەر بوو، یان بەرژەوندی خۆی نەدەزانی چۆن چۆنینە، ماڵوسامانی خۆی لەناو دەبرد، زیانی بۆ کەسوکار و سامانەکەشی هەبوو، لەم کاتەدا دروستە بە حوکمی حاکمێکی شەرعی ( حجر ) ی بخرێتە سەر و نەهێڵرێت مامەڵە بە ماڵوسامانیەوە بکات .

ابن قدامە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : **« لا يدفع إليه ماله قبل وجود الأمرين : البلوغ ، والرشد ؛ ولو صار شيخا وهذا قول أكثر أهل العلم . قال ابن المنذر: أكثر علماء الأمصار من أهل الحجاز، والعراق، والشام، ومصر، يرون الحجر على كل مضيع لماله ، صغيرا كان أو كبيرا »** [ المغني " (297/4) ]

واتا : پێش  باڵغ بوون و ڕەشید بوون ماڵوسامانی نادرێتە دەست، تەنانەت ئەگەر پیاوێکی بە تەمەنیش بێت، ئەمەش ڕای زۆربەی زانایانە، ابن المنذریش ووتویەتی : زۆربەی زۆری زانایانی حجاز و عێراق و شام ومیصر وای دەبینین کە ( حجر ) بخرێتە سەر هەموو ئەو کەسانەی کە ماڵو سامانی خۆیان بەفێرۆ دەدەن و لەناوی دەبەن، جا چی ئەو کەسە کەسێکی گەورە بێت یان بچووك .

خوای گەورەش زاناترە

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام